ڕۆشنایی قورئان

# 22 فەرموودەی قودسی




بسم الله الرحمن الرحیم

پەرتووکی:

# ٢٢فەرموودەی قودسی

ئامادەکردنی: سۆما عبدالواحد

لە پرۆژەکانی. ڕۆشنایی قورئان
٢٠٢٣

## پێشەکی:

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ} [آل عمران: ١٠٢]

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا} [النساء: ١].

أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله، وأحسن الهدي هدي محمد صلى الله عليه وسلم، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

ڕۆشنايي قورئان خۆی بە خۆشحاڵ دەزانێت بە پڕۆژەیەکی نوێ هاتەوە خزمەتتان، پڕۆژەی ئەم جارەمان بریتییە لە لەبەرکردنی «٢٢ فەرموودەی قودسی»، بۆ ئەوەی زیاتر گرینگی بدەین بە سونەت و ڕێبازی پێغەمبەر و لەبەرکردنی فەرموودەکان و کارکردنمان بە واتا و مەبەستی فەرموودەکان، هەروەها بە مەبەستی زیاتر نزیکبوونەوەمان لە

خوای پەروەردگار لە بەجێگەیاندنی سونەتەکانی پێغەبەر، فێربوونی زانستی شەرعی لەناویاندا فەرمووده یەکێکە گەورەترین و باشترین کردەوە و گوێڕایەڵیی، ئەو کۆمەڵەیەی بەرەو فێربوونی زانست -زانستی شەرعی- دەچێت، خودا خێری بۆیان دەوێت، ئەوەندە خێرە بەسە بۆ ئەو ڕێگایە ئەوەی کە لەو فەرموودەیەدا ئاماژەی پێکراوە کە (أبو ئومامە) گێڕاویەتییەوە و دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: «إِنَّ اللهَ عزَّ وجلَّ وملائِكتَهُ، وأهلَ السمواتِ والأرضِ، حتى النملةَ في جُحْرِها، وحتى الحوتَ، لَيُصَلُّونَ على معلِّمِ الناسِ الخيرَ» [رواه الترمذي].

واتە: خوا و فریشتەکان و هەموو خەڵکی ئاسمان و زەوی تەنانەت مێروولە لە کونەکەیدا و تەنانەت حوت داوای لێخۆش بوون بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە خەڵک فێری وتەی خێر دەکەن.

قسە و باس لەسەر ڕێزی فێربوونی دینی خوا درێژە دەکێشێت و ئومێد دەکەین ئەوەندەی ئاماژەمان پێ کرد بەس بێت. خودا لە ئێمە و ئێوەی قبووڵ بکات و لەسەر سونەتی پێغەمبەرەکەی بمانژێنێت و بمانمرێنێت. آمین

## دەستەی ئەندامانی ڕۆشنایي قوڕئان

# بەشی یەکەم

# ڕوونکردنەوەیەک بۆ فەرموودە

## ڕوونکردنەوە:

### واتای فەرموودە

**فەرموودە:** بریتییە لە وتەکانی پێغەمبەر موحەممەد (ﷺ) لەگەڵ کردار و ئەو ڕووداوانەی بێدەنگ بووە لەسەری و سیفەت و ژیاننامە و هەواڵی، یاخود بەوە دەوترێت کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر لە وتە و کردار و ڕووداوەکانی کە بێدەنگ بووە لێی، یان خووڕەوشت و هەڵسوکەوتی.

### (الحديث القدسي) فەرموودەی پاک -پیرۆز- چییە ؟

**فەرموودەی قودسی:** بەو وتە و فەرمایشتانە دەوترێت کەوا پێغەمبەری (ﷺ) دەیداتە پاڵ پەروەردگار، هەروەها بۆیە بە فەرموودە ناوبراوە، چونکە پێغەمبەر دەیگێڕێتەوە لە خواوە هەروەک چۆن فەرموودە دەگێڕدرێتەوە، پێشی دەوترێت (الحديث الرباني) یان (الحديث الإلهي)، ناونراوە بە (الحديث القدسي) چونکە لەلایەن خوای (القدوس)ـەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بە سروش نێردراوە زانایانیش سەبارەت بە فەرموودەی قودسی دوو ڕایان هەیە:

١. فەرموودەی قودسی وتەی پەروەردگارە پێغەمبەر بە تەنیا گێڕانەوەی لەسەرە.
٢. وتەکانی وەک فەرموودەکانی پێغەمبەر وایە بەڵام واتا و ماناکەی لەلایەن خواوەیە خراوەتە نێو دڵی پیغەمبەرەکەی.

## جیاوازی نێوان فەرموودەی قودسی و قورئان

- فەرموودە قودسییەکان دەستەواژەکانی لەلایەن پێغەمبەر موحەممەدەوەیە (ﷺ) بەپێی ڕای هەندێک لە زانایان، بەڵام واتاکەی لەلایەن خواوەیە لەڕێگەی خەو یا خستنە نێو دڵ یاخود نیگایەکی دیار و ئاشکرا.

بەڵام قورئان دەستەواژە و واتاکەی لەلایەن خواوەیە بەنیگایەکی دیارو ئاشکرا، بەواتایەکی دیکە لەحاڵی بێداریدا خوا بۆی دابەزاندووە نەک لەخەودا یاخود خستبێتیە نێو دڵیەوە.

- هەروەها گێڕانەوەی فەرموودە قودسییەکان گونجاوە گێڕانەوەی بە چەشنێ واتا بگەیەنێ، بەڵام قورئان یاساغە بە چەشنی واتا بگێڕدرێتەوە.
- فەرموودە قودسییەکان خوێندنەوەیان لەکاتی نوێژدا ناخوێنرێتەوە بەڵام قورئانی پیرۆزدەخوێنرێتەوە لە نوێژ و بەندایەتی پێوە دەکرێت.

## جیاوازی نێوان فەرموودەکانی پێغەمبەر لەگەڵ فەرموودەی قودسیدا

- فەرموودەی قودسی ماناکەی لەلایەن خوداوەیە بە چەشنێک کەوا پێغەمبەر موحەممەد دەیداتە پاڵ پەروەدگار.
- بەڵام فەرموودەی پێغەمبەر بەوچەشنە نییە و تێیدایە بەراوبۆچوونی پێغەمبەر گوتراوە یاخود لەمیانەی وردبوونەوە لەڕاستییەکانی گەردوونەوە سەری گرتوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وتەی خوا نییە.
- هەروەها لەنێو فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا هەیە لەڕێگەی نیگاوە بە پێغەمبەر ڕاگەیەندراوە و پێغەمبەری خوا بە وتەی خۆی ڕوونی کردوەتەوە هەرچەندە ئەم بەشەیان لەلایەن خواوەیە وەک ئەوەی خستبێتیە دڵی یان فێری کردبێت، بەڵام بە

وتەی پێغەمبەر دەربڕاوە بۆیە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر. بە هەردوو جۆرەکەشیان دەگوترێت فەرموودەی پێغەمبەر بەهۆی ناوەکەیەوە کە لەسەری گیرساوەتەوە.

## بە گشتی جیاوازی لە نێوان (الحديث القدسي) و قورئان:

قورئان: لەفز و واتاکەی هی خوای پەروەردگارە.

فەرموودەی قودسی: واتاکەی هی خوای پەروەردگارە، بەڵام لەفزەکەی هی پێغەمبەرە (ﷺ).

قورئان: خوێندنەوەی بەندایەتی بۆ هەر پیتێکی دە چاکەیە.

فەرموودەی قودسی: ئەو دە چاکەیەی بۆ هەر پیتێکی نییە.

قورئان: لە نوێژەکان دەخوێنرێتەوە.

فەرموودەی قودسی: لە نوێژەکان ناخوێنرێتەوە.

قورئان: تەحەددای موشریکەکانی پێ کراوە.

فەرموودەی قودسی: تەحەددای پێ نەکراوە.

قورئان: هەمووی متەواتیر و صەحیحە.

فەرموودەی قودسی: ضعیف و موضوعیشی تێدایە.

قورئان: پێک هاتووە لە سورەت و ئایەت و جوزء و حزب.

فەرموودەی قودسی: ئەوانەی نییە.

قورئان: ئینکاریکەری کافر دەبێت ئەگەر ئینکاری یەک پیتیشی بکات.

فەرموودەی قودسی: بەو موتڵەقییە نییە، بەڵکو کەسێک بەبێ عیلم ئینکاری زۆرێکی بکات ئەنجا تەکفیر دەکرێت.

## جیاوازی لە نێوان (الحديث القدسي) و (الحديث النبوي):

فەرمووودەی قودسی: واتاکەی هی خوای پەروەردگارە، بەڵام لەفزەکەی هی پێغەمبەرە (ﷺ).

فەرمووودەی پەیامبەر: لەفز و واتاکەی هی پێغەمبەرە (ﷺ).

فەرمووودەی قودسی: دەگەڕێنرێتەوە بۆ خوای پەروەردگار.

فەرمووودەی پەیامبەر: دەگەڕێنرێتەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ).

فەرمووودەی قودسی: بەزۆری باسی ترسان لە خوای گەورە و بەخشندەیی خوای گەورەیە و باسی ئەحکامی کەم تێدایە.

فەرمووودەی پەیامبەر: ئەو باسانە و باسی ئەحکامیشی زۆر تێدایە.

فەرمووودەی قودسی: گوفتارین، دەربڕینن(لفظ).

فەرمودەی پەیامبەر: گوفتاری لقول و کرداری لفعل و ئیقرارین. الإقرار

## ئەو سیغە -دەستەواژانەی- کە لە فەرمووودەی قودسی هاتووە:

[ قال رسول الله (ﷺ): قال الله تعالى:. . . ]، [ قال رسول الله (ﷺ): فيما يرويه عن ربه. . . ]، [ قال الله تعالى فيما يرويه عنه رسول الله (ﷺ). . . . ]، لە ڕاستیدا ئەمەش خاڵێکی ترە لە خاڵە جیاوازەکانی نێوان فەرمووودەی قودسی لەگەڵ فەرمووودەی پەیامبەر، وە لەگەڵ قورئانیش، چونکە فەرموودی پەیامبەر بە [قال رسول الله (ﷺ):. . . ] یان [عن النبي (ﷺ) انه قال:. . . ] دەست پێ دەکات، بەڵام قورئان وا نییە و فەرمووودەی قودسیش باسمان کرد چۆن دەست پێ دەکات.

## ژماره‌ی فه‌رمووده‌ی قودسی چه‌نده‌؟

فه‌رموده‌ قودسییه‌كان ژماره‌یان زۆر نییه‌ له‌چاو فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌ردا (ﷺ)، به‌ڵام ژماره‌یان له‌ (٢٠٠) فه‌رمووده‌ زیاتره‌.

نه‌ته‌وه‌ی ئیسلامی له‌ دوای قورئان گرنگییان داوه‌ به‌ فه‌رمووده‌كانی پیغه‌مبه‌ر به‌وه‌ی سوننه‌تی پێغه‌مبه‌ر بووه‌ به‌ پایه‌ی دووه‌م له‌ ئیسلامدا، و زانایان هه‌ر له‌ ساڵه‌كانی سه‌ره‌تای هاتنی ئیسلامه‌وه‌ و به‌ درێژایی سه‌رده‌م و ماوه‌كان ئیشیان له‌سه‌ر زانستی فه‌رمووده‌ كردووه‌ ئیشكردنێكی به‌رده‌وام و یه‌كلایی.
هه‌ندێک جار فه‌رمووده‌كانیان له‌به‌ركردووه‌ یان نووسیویانه‌ته‌وه‌ یان هانی خه‌ڵكیان داوه‌ بۆ له‌به‌ركردنی، یان پۆڵێن و دابه‌شیان كردوون یان بنه‌ما و بنه‌ڕه‌تییان داناوه‌ له‌ قبوڵكردنی فه‌رمووده‌كان، له‌به‌ر ئه‌وه‌ زانستی فه‌رمووده‌ چه‌ندین دانراو و بابه‌تی زۆری له‌سه‌ر دانراوه‌

# بەشی دووەم

# ٢٢ فەرموودەی قودسی

## فەرموودەی یەکەم:

## خودا لە جێی گومانی بەندەکەی دایە

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): «يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى: أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي، وانَا مَعَهُ إِذَا ذَكَرَنِي، فَإِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ، ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي، وانْ ذَكَرَنِي فِي مَلَإٍ، ذَكَرْتُهُ فِي مَلَإٍ خَيْرٍ مِنْهُمْ، وانْ تَقَرَّبَ إِلَيَّ بِشِبْرٍ، تَقَرَّبْتُ إِلَيْهِ ذِرَاعًا، وانْ تَقَرَّبَ إِلَيَّ ذِرَاعًا، تَقَرَّبْتُ إِلَيْهِ بَاعًا وانْ أَتَانِي يَمْشِي، أَتَيْتُهُ هَرْوَلَةً».[1]

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: خوای گەورەی بەرز و شکۆدار دەفەرمووێت: (من بە گوێرەی گومانی بەندەکەمم بە من، من لەگەڵ بەندەکەمم کە زیکر و یادی من بکات، واللە، خودا زیاتر ئاسوودەیە لە یەکێک لە ئێوە کاتێک کە شتومەکە ونبووەکانی دەدۆزێتەوە لە بیابانێکی چۆڵدا، ئەوەی بستێک لە من نزیک ببێتەوە ئەوا من باڵێک لە ئەو نزیک دەبمەوە، و ئەوەی باڵێک لە من نزیک ببێتەوە ئەوا من دوو باڵ لە ئەو نزیک دەبمەوە، ئەگەر بێت بۆ لام بە ڕێکردنەوە ئەوا من بە خێراییەوە دێم بۆ لای).

## شیکردنەوە:

خوای گەورە بە گوێرەی گومانی بەندەکەیەتی؛ ئەگەر بەندەکەی گومانی خێر ببات ئەوا خێری بۆ دەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: خوای گەورە دەفەرمووێت: (أنا عند ظن عبدي بي، إن ظن بي خيراً فله، وان ظن شرا فله)، واتە: (من بە گوێرەی

[1] [متفق عليه]

گومانی بەندەکەمم، ئەگەر گومانی خێر بە من ببات ئەوا خێری بۆ دەبێت، و ئەگەر گومانی خراپە بە من ببات ئەوا خراپەی بۆ دەبێت). بەڵام چی کاتێک بەندە دەبێت گومانی باش بە خوای گەورە ببات؟ گومانی باش دەبات کاتێک ئەوەی لەسەری واجبە ئەنجامی دەدات؛ پاش ئەمە داوای فەزڵی خودا دەکات و ڕەجای لێدەکات و هیوای باشی بە خودا هەیە بەوەی کردەوەکانی لێ قبوڵ بکات. بەڵام ئەگەر بەردەوام گومانی باش بە خوای گەورە ببات و کردەوە نەکات: ئەمە هیوایەکی بێ بنەمایە، و شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزووە و ڕێبازی ئەوانەیە کە گومانی باش دەبەن بەوەی خێریان تووش ببێت لە کاتێکدا ئەوان بەردەوامن لە تاوان، بۆیە ئەمە ڕێبازی شکستخواردووانە هیچ سەرمایەیان نییە کە بۆی بگەڕێنەوە. ئیبن القیم ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (دوودڵی لەوەدا نییە کە گومانی چاک دەبێت چاکەکاری -کردەوەی چاکی- لە گەڵدا بێت، بۆیە ئەو کەسەی چاکەکارە گومانی باشی هەیە بە پەروەردگاری کە پاداشتی دەداتەوە لەسەر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکانی و خوای گەورە پێچەوانەی پەیمانەکانی نابێت و تەوبەی لێ قبوڵ دەکات). حەسەنی بەسری دەڵێت: (ئیماندار گومانی باشی بە پەروەردگاری هەیە بۆیە کردەوەی چاک ئەنجامدەدات، و تاوانکەر گومانی خراپی هەیە بە پەروەردگاری بۆیە کردەوەی خراپ ئەنجام دەدات).

پاشان باسی ئەوەی کرد کە خوای گەورە ڕێزداتر و بەخشندەترە لە بەندەکەی؛ ئەگەر مرۆڤ بستێک لە خوای گەورە نزیک بێتەوە ئەوا خوای گەورە باڵێک لە ئەو نزیک دەبێتەوە، و ئەگەر مرۆڤ بە باڵێک لە خودا نزیک ئەوا خودا دوو باڵ لە ئەو نزیک دەبێتەوە، و ئەگەر ئەو تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خودا بە ڕۆیشتن؛ ئەوا خودا دێت بۆ لای ئەو بە خێراییەوە، چونکە ئەو بەخشندەترە و زووتر وەڵامی بەندەکان دەداتەوە. و ئەم فەرموودەیە لەوانەیە کە ئەهلی سونە باوەڕیان بە هەقیقەتی هەیە، بەڵام نازانین چۆن ئەم خێرایی ڕۆیشتنە ڕوو دەدات و ئەم نزیک بوونەوەیە چۆنە، و

چۆنیەتی ئەم کردەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ خودا، و نابێت قسەی تێدا بکەین، بەڵام باوەڕمان بە ماناکانی هەیە. و خودا بە دوو شێوە لە گەڵ بەندەکەی دەبێت:

١- تایبەت: ئەمیش بۆ پشتیوانی و سەرخستنە کە لە فەرموودەکەدا باسکراوە.

٢- گشتی: ئەمیش زانستی خودایە سەبارەت بە هەموو شتێک و توانا و دەسەڵاتی خودایە بە سەر هەموو شتێکدا، و ئەمانەیش سیفاتێکی هەقیقی خوای گەورەن و شایستەیەن بە شکۆداری و مەزنی پەروەردگار.

## فەرموودەی دووەم:

ئەنجامی چاکە یەک بە دە، تاکو یەک بە حەوت سەدە

عن أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعاً: «يقول اللهُ: إذا أراد عبدي أنْ يعملَ سيئةً، فلا تكتبوها عليه حتى يعملَها، فإنْ عَمِلها فاكتبوها بمثلِها، وانْ تركها مِن أجلي فاكتبوها له حسنةً، واذا أراد أنْ يعملَ حسنةً فلم يعملها فاكتبوها له حسنةً، فإنْ عملها فاكتبوها له بعشر أمثالها إلى سبعِ مائة ضِعْفٍ».[١]

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: خودا دەفەرمووێت: (ئەگەر بەندەکەم ویستی خراپەیەک بکات: ئەوا لەسەری مەینووسن هەتا ئەنجامی دەدات، ئەگەر ئەنجامیدا ئەوا وەکو خۆی بینووسن، و ئەگەر لەپێناو من وازی لێهێنا؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ بنووسن، و ئەگەر ویستی چاکەیەک ئەنجام بدات بەڵام ئەنجامی نەدا؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ بنووسن، و ئەگەر کردەوەکە چاکەکەی ئەنجامدا؛ ئەوا دە چاکەی بۆ بنووسن هەتا حەوت سەد هێندە).

## شیکردنەوە:

ئەم فەرمانە لە لایەن خوای گەورەوەیە بۆ فریشتەکان ئەوانەی کە سپێردراون بە بژاردنی کردەوەکانی مرۆڤ و نووسینیان، و ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فەزڵی خوای گەورە بەسەر مرۆڤەکانەوە، و لێخۆشبوون لێیان بەهۆی کەموکورتیانەوە. دەفەرمووێت: (ئەگەر بەندەکەم ویستی خراپەیەک بکات: ئەوا لەسەری مەینووسن

[١] [متفق عليه]

هەتا ئەنجامی دەدات، کردەوە لێرەدا لەوەیە مەبەست لە کردەوەی دڵ و ئەندامەکان بێت، و ئەمیش واتای ئاشکرایە؛ چونکە بەڵگە هاتووە لەسەر ئەوەی کە کردەوەی دڵ لەوەیە مرۆڤ لێپرسینەوەی لێبکرێت لەسەر ئەنجامدانی، و بە پێی کردەوە پاداشت بە چاکە یان خراپە دەدرێتەوە، ئەم تێگەیشتنە پێچەوانەی ئەم دەقەیە نییە کە کردەوەکان نانووسرێت هەتا ئەنجامدەدرێن، چونکە نیەت و پێداگیر بوون لەسەر ئەنجامدانی کردەوەیەک لە دڵدا لە خۆیدا کردەوەیە.

(ئەگەر ئەنجامیدا ئەوا وەکو خۆی بینووسن): واتا یەک خراپە بنووسن، خوای گەورە دەفەرموویت: {مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا و مَن جَاء بِالسَّيِّئَةِ فَلاَ يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا و هُمْ لاَ يُظْلَمُونَ} واتە: (هەر کەسێک چاکە بکات ئەوە (لە ڕۆژی دواییدا) دە هێندەی چاکەکەی پاداشتی بۆ هەیە، و هەر کەسێک خراپە بکات ئەوە تۆڵەی لێ ناسێنرێت تەنها بە وێنەی خۆی نەبێت و ئەوانە ستەمیان لێناکرێت).

(وە ئەگەر ویستی چاکەیەک ئەنجام بدات بەڵام ئەنجامی نەدا؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ بنووسن، و ئەگەر کردەوەکە چاکەکەی ئەنجامدا ئەوا دە چاکەی بۆ بنووسن هەتا حەوت سەد هێندە): ئەمیش فەزڵی خوای گەورە و بەخشندەیە بەسەر بەندەکانییەوە کە بەردەوام مینەتی هەیە بەسەریانەوە، حەمد و سوپاس بۆ ئەو زاتە مەزنە، ئایا چ ڕێزگرتن و بەخشینێک هەیە لەمە زیاتر، تەنها بە ویستن و پێداگیر بوون لەسەر ئەنجامدانی چاکە خوای گەورە بە چاکەیەک دەینووسێت، و ئەگەر چاکەکە ئەنجام بدات ئەوا دە هێندەی بۆ دەنووسێت هەتا حەوت سەد هێندە. .

## فەرموودەی سێیەم:

### ڕەحمەتی خوا پێش تووڕە بوونی کەوتووە

عن أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعاً: «لما خلق اللهُ الخَلْقَ كتب في كتاب، فهو عنده فوق العرش: إن رحمتي تَغْلِبُ غضبي».[١]

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: (کاتێک خوای گەورە بوونەوەرەکانی دروستکرد لە کتێبێکدا نووسی، و لای خۆیەتی لە سەرووی عەرشەوە: (ڕەحمەتم پێش تووڕە بوونم کەوتووە)).

### شیکردنەوە:

کاتێک خوای گەورە هەموو بوونەوەرەکانی دروستکرد لە کتێبێکدا نووسی لە سەرووی عەرشەوە، (ڕەحمەت و میهرەبانیم پێش تووڕە بوونم کەوتووە)، واتا: ڕەحمەتی خوای گەورە زۆرترە و پێشی تووڕەبوونی کەوتووە، و خوای گەورە دەفەرمووێت: {وَرَحْمَتِي و سِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ} [الأعراف: ١٥٦]، واتە: (ڕەحمەتی من ئەوەندە فراوانە هەموو شتێکی گرتۆتەوە)، و ئەمەش هانی موسڵمان دەدات کە بێهیوا نەبێت لە ڕەحمەت و میهرەبانی پەروەردگار.

[١] [متفق عليه]

## فەرموودەی چوارەم:

### بە زۆر پاڕانەوە، خودا لە بەندەی خۆش دەبێت

عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ)، يَقُولُ: «قَالَ اللهُ تَعَالَى: يَا ابْنَ ادَمَ، إِنَّكَ مَا دَعَوْتَنِي و رَجَوْتَنِي، غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ مِنْكَ و لَا أُبالِي. يا ابْنَ ادَمَ:لَوْ بَلَغَتْ ذُنُوبُكَ عَنانَ السَّماءِ ثُمَّ اسْتَغْفَرْتَنِي، غَفَرْتُ لَكَ. يَا ابْنَ ادَمَ: إِنَّكَ لَ واتَيْتَنِي بِقُرَابِ الأَرْضِ خَطَايا ثُمَّ لَقِيتَنِي لَا تُشْرِكُ بِي شَيْأً، لَأَتَيْتُكَ بِقُرابِها مَغْفِرَةً».[1]

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو (ﷺ) کە دەیفەرموو: خوای گەورە دەفەرمووێت: (ئەی نەوەی ئادەم، هەتا تۆ لێم بپاڕێیتەوە و ڕەجا و تکام لێبکەیت من لێت خۆش دەبم و سەیری زۆری تاوانەکانت ناکەم. ئەی نەوەی ئادەم، ئەگەر زۆری تاوانەکانت بگاتە لای هەورەکانی ئاسمان و پاشان داوای لێخۆشبوون لە من بکەیت؛ ئەوا من لێت خۆش دەبم. ئەی نەوەی ئادەم، ئەگەر تاوانەکانت بە هێندەی زەوی بێت و بێیت بۆ لام پاشان بگەیتە لام و هیچ هاوبەش و شەریکێکت بۆ من بڕیار نەدا بێت؛ ئەوا من بە هێندەی ئەوە لێخۆشبوونم بۆت ئامادە کردووە).

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر فراوانی ڕەحمەت و میهرەبانی و بەخشینی خوای گەورە، و ئەو هۆکارانەی ڕوونکردووتەوە کە دەبنە هۆکاری لێخۆشبوون لە بەندە،

---

[1] [رواه الترمذی]

ئەمیش نزا و داوای لێخۆشبوون کردنە (ئیستیغفار کردنە)، و ئەم دوو هۆکارەی بە یەک خوا پەرستی (تەوحیدەوە) بەستەوە، ئەوەی بگاتە لای خوای گەورە بە موەحیدی کە بەهیچ شێوەیەک هاوبەشی بۆ خودا بڕیار نەدابێت، ئەوا نزا و ئیستیغفارەکەی سوودی بۆی دەبێت، و لەگەڵ شیرک و هاوبەش بڕیارداندا هیچ شتێک سوودی نییە نە نزا کردن و نە وتە و کردەوەیەکی تر.

## فەرموودەی پێنجەم:

بەندە بە جێبەجێ کردنی واجباتەکان لە خوا نزیک دەبێتەوە

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): «إِنَّ اللَّهَ عَزَّ و جَلَّ قَالَ: مَنْ عَادَى لِي و لِيًّا، فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، و مَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ، و مَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ، كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، و بَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، و يَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، و رِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وانْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ، و لَئِنْ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ، و مَا تَرَدَّدْتُ عَنْ شَيْءٍ أَنَا فَاعِلُهُ تَرَدُّدِي عَنْ نَفْسِ عَبْدِي الْمُؤْمِنِ، يَكْرَهُ الْمَوْتَ وانَا أَكْرَهُ مَسَاءَتَهُ».[١]

خودا فەرمووی: (هەر کەسێک دوژمنایەتی لەگەڵ دۆستێکم بکات، شەڕم بۆی ڕاگەیاندووە، وە بەندەکەم بە شتێکی خۆشەویستتر لێم نزیک نابێتەوە لەوەی کە لەسەری واجبم کردووە، بەندەکەم بەردەوامە لە نزیکبوونەوە من بە کردەوەی سەرووترەوە تا خۆشم دەوێت، و ئەگەر خۆشم بوێت: من بیستنی ئەوم کە پێی دەبیستێت، بینینی ئەوم کە پێی دەبینێت و دەستی کە پێی دەدات. وە قاچی کە پێی دەڕوات، و ئەگەر ئەو داوای یارمەتیم لێدەکات، دەیدەم، ئەگەر داوای یارمەتیم لێکرد، منیش یارمەتی دەدەم.)

## شیکردنەوە:

---

١ [رواه البخاري]

خودای گەورە فەرموویەتی: (ئەو کەسەی دوژمنایەتی دۆستێکی من دەکات، من شەڕم بۆ ڕاگەیاندووە) واتە: هەرکەسێک زیان بە دۆستێکی خودای گەورە بگەیەنێت - کە ئەو باوەڕدارە خواپەرستەیە کە پەیڕەوی لە یاسای خودای گەورە دەکات- و وەک دوژمن وەریبگرێت، پاشان ئاگادارم کردۆتەوە کە من بۆ ئەو جەنگاوەرم، وەک چۆن ئەویش بە دوژمنایەتی بەرانبەر هاوڕێکانم جەنگاوەربوو بۆ من.

هەروەها وتەکەی: (وە بەندەکەم بە شتێکی خۆشەویستتر لە من نزیک نابێتەوە لەوەی کە من لەسەری فەرزم کردووە، وە بەندەکەم بەردەوام دەبێت لە نزیکبوونەوە لە من بە نوێژی سەرووتر تا خۆشم دەوێت) سەرچاوەی پاسەوانی بریتییە لە نزیکبوونەوە، سەرچاوەی دوژمنایەتیش دوورییە، پاسەوانانی خودا ئەوانەن کە بەو شتانەی لێی نزیک دەبنەوە، دوژمنەکانیشی کە بە کردەوەکانیان لێی دووریان دەخەنەوە کە پێویستی بە دەرکردن و دەرکردنیان لێی هەیە. چونکە هەموو ئەمانە یەکێکە لە ئەرکەکانی خودا کە بەسەر بەندەکانیدا سەپاندووە. وە ئەو کەسەی دوای عیبادەتە فەرزەکان لێی نزیک دەبێتەوە و ئەگەر بەندە لە ڕێگەی نوێژ نزیکبوونەوەی لێی بەردەوام بێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی خودا خۆشی بوێت.

هەروەها وتەکەی: (ئەگەر خۆشم بویستایە، من بیستنی ئەو دەبووم کە پێی دەبیستێت، بینینەکەی کە پێی دەبینێت، دەستی کە پێی دەگرێت و پێی دەڕوا) مەبەست لەم وتارە چیی؟: ئەوەیە هەرکەسێک هەوڵ بدات لە ڕێگەی فەرزەکانەوە لە خودا نزیک بێتەوە، ئەوا بە نوێژ خودا لێی نزیک دەکاتەوە، و ڕێنمایی دەکات لەم چوار ئەندامەدا؛ لە بیستندا لە بیستنی خۆیدا ئاراستەی دەکات، بۆیە نابیستێت جگە لەوەی خودا دڵی خۆش دەکات، هەروەها بینینیشی، بۆیە سەیری ئەو شتانە ناکات کە خودا زۆر حەزی لێیە سەیری بکات، و سەیری ئەوە ناکات کە حەرامە، و دەستی؛ بە دەستی کار ناکات جگە لەوەی خودا ڕازی بکات و پێیەکەیشی بە هەمان شێوە. تەنها بەرەو ئەو شتانە

دەڕوات کە خودا ڕازی دەکات؛ چونکە خودا ئاڕاستەی دەکات، بۆیە بە دوای هیچدا ناگەڕێت جگە لە چاکە.

وتەی ئەو: (وە ئەگەر داوای لێبکردایە، من دەیدەم، وە ئەگەر پەنای لێ بگرتایە، من پەنای بۆ دەبرد)، مانای ئەوەیە ئەم خۆشەویستە کە لە خوداوە نزیکە، پێگەیەکی تایبەتی هەیە لای خودا کە ئەوە دەخوازێت ئەگەر ئەو داوای شتێک لە خودا دەکات، ئەویش پێی دەبەخشێت، ئەگەر پەنای بۆ ببات لە شتێک، ئەوا یارمەتی دەدات لێی، وە ئەگەر بانگی کرد، وەڵامی دەداتەوە، و دەبێتە وەڵامدەرەوە، بانگەواز بۆ کەرامەتەکەی بۆ. . . خوداوەندی گەورە.

وتەکەی: (وە من لە هەر شتێک کە دەیکەم دوودڵ ناکەم وەک چۆن لە ڕۆحی ئیماندار دوودڵ دەبم، ئەو ڕقی لە مردنە و من ڕقم لە دڵتەنگکردنیەتی) ئەوەی مەبەست لێی ئەوەیە کە خودای گەورە بڕیاری مردنی بۆ بەندەکانی داناوە، وەک ئەوی خوای گەورە فەرموویەتی: (هەموو ڕۆحێک تامی مردن دەکات) و مردن ڕۆشتنی ڕۆحە لە جەستە، و ئەمەش ڕوونادات مەگەر بە ئازارێکی زۆر گەورە، بۆیە کاتێک مردن ئەوەندە توند بوو، و خودای گەورە بڕیاری دابوو بۆ هەموو ئەوانەی خۆی بەندەکان، و دەبێت هەیانبێت، وە ئەوی پەروەردگار ڕقی لە زیان و خراپ مامەڵەی ئیمانداره، پێی دەوترێت دوودڵی لە مافی ئیمانداردا. شێخ ابن بازڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرمووێت: دوودڵی وەسفێکە شایستەی خوای گەورە دەبێت و کەس نازانێت چۆنە جگە لە ئەو، پاک و بێگەردی بۆ ئەو، وە وەک دوودڵی ئێمەش نییە.

## فەرموودەی شەشەم:

## بەخشین، هۆکاری پێ بەخشینی خوایە

عن أبي هريرة (عبدالرحمن بن صخر الدوسي) رضي الله عنه مرفوعاً: قالَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ: (أنْفِقْ أُنْفِقْ عَلَيْكَ. وقالَ: يَدُ اللَّهِ مَلْأَى، لا تَغِيضُها نَفَقَةٌ، سَحَّاءُ اللَّيْلَ والنَّهارَ. وقالَ: أرَأَيْتُمْ ما أنْفَقَ مُنْذُ خَلَقَ السَّماءَ والأرْضَ؟! فإنَّه لَمْ يَغِضْ ما في يَدِهِ، وكانَ عَرْشُهُ علَى الماءِ، وبِيَدِهِ المِيزانُ يَخْفِضُ ويَرْفَعُ)[1]

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: خوا (جل جلاله) فەرموویەتی: ببەخشە ئەی نەوەی ئادەم، پێت دەبەخشرێتەوە. وە فەرمووی: دەستی خودا پڕە، بەفیڕۆی مەدە، بەسەربردنی شەو و ڕۆژ. وە فەرمووی: ئایا لە دروستبوونی ئاسمان و زەویەوە چی لەدەست چووە، بینیوتە؟! هیچ لەوە کەمی نەکردووە  ئەوەی لە دەستیدا وە عەڕشەکەی لەسەر ئاو بوو، تەرازووی دابەزاندن و بەرزکردنەوەی لە دەستیدا بوو.

### شیکردنەوە:

ئیسلام هانی خێرخوازی و خەرجکردنی لە ڕێگای خودادا، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوەی مرۆڤ خەرجی دەکات لە دونیا و لە قیامەتدا چەند هێندە دەبێت و ئەوەی لای خودایە زیاترە لەوەی مرۆڤ بۆ خۆی پاشەکەوتی دەکات.

وە پێغەمبەر، دروود و سەلامی خوای لەسەر بێت، لەم فەرموودەی قودسیدا ڕوونی دەکاتەوە کە خودای گەورە فەرموویەتی: ببەخشە و خەرجی بکە؛ پێت دەبەخشرێت،

[1] [متفق عليه]

واتە: لە هەژاری مەترسە بە بەخشینی ماڵ و ڕەزیل مەبە، ئەگەر خەرجی بکەیت لە سەر کەسێکی تر ئەوا خوای گەورە پێت دەبەخشێت، و ئەوەی لە دەستی ئێمەدایە نامێنێت بەڵام ئەوەی لای خوای گەورەیە دەمێنێت، وە ئەم فەرموودەیە واتای ئەم ئایەتە ڕوون دەکاتەوە کە خوای گەورە دەفەرموویت: {وَمَا أَنفَقْتُم مِّن شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُ} [السبأ:٣٩] واتە: (ئێوەش هەر شتێك دەبەخشن ئەو زاتە پێتان دەبەخشێتەوە). ئەم ئایەتە هانی مرۆڤ دەدات بۆ بەخشین لە خێردا و موژدەدەرە بەوەی کە جێگەی پڕ دەبێتەوە بە فەزڵی خوای گەورە.

پاشان پێغەمبەردروود و سڵاوی خوای لەسەر بێت، فەرمووی: (دەستی خودا پڕە)، واتە: زۆر پڕە لە چاکە و بەخشین، (بەفیڕۆی مەدە)، واتە: کەمی مەکە، نەخێر گرنگ نییە چەندە گەورەیە یان زۆرە، بەڵکو "پەرشوبڵاوی شەو و ڕۆژە"، واتە: بەخشینی زۆرە لە هەموو کاتێکدا؛خودا لە خەرجکردندا کەمی نییە، لە ترسی هەژاریش خۆی ڕاناگرێت، وەک کوڕی ئادەم: ئایا دەزانی خودای گەورە لە دروستبوونی ئاسمانەکان و زەویەوە چی خەرج کردووە؟! ئەگەر حەقیقەتی و زۆری و فراوانییەکەی بزانی، "کەم نەبووەتەوە"، واتە: هیچی لە دەستیدا کەم نەبووەتەوە، وە ئەو بەرزترین و گەورەترین و گەورەترینی هەموو بوونەوەرەکانە و لە دەستی خۆیدایە تەرازووە، بۆیە بە دادپەروەری لە نێوان دروستکراوەکانیدا حوکم دەدات، ئەوەی بیەوێت دادەبەزێنێت و ئەوەی بیەوێت بەرزی دەکاتەوە.

وە لە فەرموودەدا: بەڵگەی سیفەتی دەستی خودا، بەشێوەیەکە کە شایستەی کامڵبوون و شکۆمەندییەکەی بێت.

## فەرموودەی حەوتەم:

### بەهەشتی خوا بۆ بەندەی گوێڕایەڵییەتی

عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولَ اللهِ (ﷺ): «قَالَ اللهُ أَعْدَدْتُ لِعِبَادي الصَّالِحِينَ مَا لَا عَيْنٌ رَأَت و لَا أُذُنٌ سَمِعَتْ و لَا خَطرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ فاقْرأُوا إنْ شِئْتُمْ: فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ».[1]

لە ئەبوو هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی خودای گەورە فەرمووی: (ئامادەم کردووە بۆ بەندە چاکەکانم ئەوەی هیچ چاوێک نەیبینیوە و هیچ گوێیەک نەیبیستووە و دڵی مرۆڤیش پەی پێ نەبردوە. . . بۆیە ئەگەر حەزت لێیە زۆر ئەم ئایەتە بخوێنەوە {فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ} السجدة:١٧ واتە: (جا هیچ کەس لەو بەختەوەرانە نازانێت چی بۆهەڵگیراوە و شاراوەتەوە لە ناز و نیعمەتی جۆراوجۆر لای پەروەردگاری، کە چاوان پێی گەش دەبنەوە و بەدیتنی شاد دەبن).

## شیکردنەوە:

خودای گەورە بۆ بەندە ڕاستگۆکانی خۆی ئامادە کردووە، ئەوانیش ئەوانەن کە پابەندی فەرمانەکانن و خۆیان لە قەدەغەکردنەکان بە دوور دەگرن: "ئەوەی هیچ چاوێک نەیبینیوە" لە فەزیلەت و جوانییە سەرسوڕهێنەرەکان، "وە هیچ گوێیەک نەیبیستووە" لە دەنگە ئاوازدارەکان، وەسفە سەرسامەکان، بینین و بیستن بە

[1] [رواه البخاري و مسلم]

یادکردنەوە تایبەت دەکرێن؛ چونکە زۆربەی شتە هەستیارەکان لە ڕێگەی ئەوانەوە هەست پێدەکات و هەستکردن بە تامکردن و بۆنکردنە و سەبارەت بە دەست لێدانیش لەوە کەمترە.

"وە هیچ مەترسییەک بۆ سەر دڵی مرۆڤ نییە" واتە: ئەوەی لە بەهەشتی بەختەوەری بەردەوامدا بۆیان ئامادە دەکرێت، لە دڵی کەسدا تێناپەڕێت و هەرچییەک دێتە مێشکیان، چونکە ئەوەی لە بەهەشتدایە باشترە لەوەی کە هاتۆتە دڵیان؛ چونکە مرۆڤ نایەتە مێشکی خۆی جگە لەوەی کە دەیزانێت و لە خەیاڵەکەی نزیکتر دەکاتەوە لەو شتانەی کە زانیویەتی و بەختەوەری بەهەشت لە سەرووی ئەوەوەیە و ئەمەش لە ڕێزگرتنی خوداوەیە لە بەرانبەر پابەندبوونیان بە فەرمانەکانی خوداوە. دوورکەوتنەوەیان لە قەدەغەکراوەکانی، و سەختییە بەردەوامەکانیان لە پێناو خودادا، بۆیە پاداشتەکە لە جۆری کارەکە بوو. وە ئەگەر بتەوێت بیخوێنەرەوە. "جا کەس نازانێت (ئەوەی لێیان شاراوەتەوە لە ئاسوودەیی چاوەکان) لە چاکەی زۆر، بەختەوەرییەکی زۆر، خۆشی و خۆشی، چێژ و خۆشی، هەروەک چۆن شەوانە نوێژیان دەکرد و دوعایان دەکرد و خۆیان دەشاردەوە. " کارەکە، بە پێی ڕەگەزی کارەکەیان پاداشتی دەدایەوە، بۆیە پاداشتەکەیان شاردەوە، و بۆ ئەمەش فەرمووی: (پاداشتی ئەو کارەی کە پێشتر دەیانکرد کارکردن).

## فەرموودەی هەشتەم:

### خودا ستەمی لەسەر نەفسی خۆی حەرام کردووە

عن أبي ذر الغفاري رضي الله عنه عن النبي (ﷺ) فيما يرويه عن ربه: «يا عبادي، إني حرَّمتُ الظلمَ على نفسي و جعلتُه بينكم محرَّمًا فلا تَظَالموا، يا عبادي، كلكم ضالٌّ إلا من هديتُه فاستهدوني أَهْدَكِم، يا عبادي، كلكم جائِعٌ إلا من أطعمته فاستطعموني أطعمكم، يا عبادي، كلكم عارٍ إلا من كسوتُه فاسْتَكْسُوني أَكْسُكُم، يا عبادي، إنكم تُخطئون بالليل والنهار وانا أغفر الذنوبَ جميعًا فاستغفروني أغفرْ لكم، ياعبادي، إنكم لن تَبلغوا ضَرّي فتَضُرُّونِي و لن تَبْلُغوا نَفْعِي فتَنْفَعُوني، يا عبادي، ل وان أولَكم واخِرَكم وانسَكم و جِنَّكم كانوا على أتْقَى قلبِ رجلٍ واحد منكم ما زاد ذلك في ملكي شيئًا، يا عبادي، ل وان أوَّلَكم واخِرَكم وانسَكم و جِنَّكم كانوا على أفْجَرِ قلب رجل واحد منكم ما نقص ذلك من ملكي شيئًا، يا عبادي، ل وان أولكم واخركم وانسكم و جنكم قاموا في صَعِيدٍ واحد فسألوني فأعطيت كلَّ واحدٍ مسألتَه ما نقص ذلك مما عندي إلا كما يَنْقُصُ المِخْيَطُ إذا أُدخل البحر، يا عبادي، إنما هي أعمالكم أُحْصِيها لكم ثم أُوَفِّيكُم إياها فمن و جد خيرًا فليحمد الله و من و جد غير ذلك فلا يلومن إلا نفسه».[1]

لە ئەبو زەری غەفارییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر (ﷺ) لە پەروەردگارییەوە دەیگێڕێتەوە کە پەروەردگار -سبحانه و تعالى- دەفەرموێت:

[1] [رواه مسلم]

(ئەی بەندەکانم، من ستەمم لە سەر نەفسی خۆم حەرامکردووە بۆیە ستەم لە یەکتری مەکەن، ئەی بەندەکانم، هەمووتان گومڕان جگە لەوانە نەبێت کە من هیدایەتم داون بۆیە داوای هیدایەت لە من بکەن؛ هیدایەتتان دەدەم. ئەی بەندەکانم، هەمووتان برسین جگە لە ئەوانەی کە من تێرم کردوون، بۆیە داوای ڕزق لە من بکەن؛ ڕزقتان دەدەم، ئەی بەندەکانم، هەمووتان ڕووتن و عەیبە و کەموکورتیتان دیارە جگە لە ئەوانە نەبێت کە من پۆشیومن، بۆیە داوای پۆشین لە من بکەن؛ دەتان پۆشم. ئەی بەندەکانم، ئێوە بە شەو و ڕۆژ گوناھ و تاوان دەکەن، و من لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبم، بۆیە داوای لێخۆشبوون لە من بکەن؛ لێتان خۆش دەبم. ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ و جنۆکەوە لە سەر دڵی تەقوادارترین (لە خوا ترسترین) کەسی ئێوە بن، ئەوا ئەمە هیچ لە موڵکی من زیاد ناکات. ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ و جنۆکەوە لە سەر دڵی خراپەکارترین (گوناهبارترین) کەسی ئێوە بن، ئەوا ئەمە هیچ لە موڵکی من کەم ناکات، ئەی بەندەکانم، ئەگەر لە یەکەم کەسەوە بۆ دواین کەس لە ئێوە بە مرۆڤ و جنۆکەوە بە هەمووتانەوە لە یەك شوێن بووەستن و داوا لە من بکەن، ئەوا من داواکاری هەمووی جێبەجێ دەکەم ئەوەندە لە موڵکی من کەم دەکات هەروەکو چۆن دەزوویەك لە ئاوی دەریا کەم دەکاتەوە کاتێك دەخرێتە ناو دەریاکە و دەهێندرێتە دەرەوە، ئەی بەندەکانم، ئەوە تەنها کردەوەکانتانە من بۆتان دەبژێرم، و پاشان پاداشتتان دەدەمەوە (بە چاکە و خراپە)، جا بۆیە ئەوەی خێر و خۆشی بینی؛ ئەوا با سوپاس و حەمدی خودا بکات، و ئەوەش جگە لە ئەوەی بینی؛ ئەوا با تەنها لۆمەی نەفسی خۆی بکات).

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودە قودسییە سوودی زۆری تێدایە سەبارەت بە بنچینەکانی ئایین، و لقەکانی و ئادابەکانی، کە باسی ئەوە دەکات خوای گەورە ستەم و زوڵمی لەسەر خۆی حەرامکردووە وەکو فەزڵێک لە لایەن ئەوەوە و چاکەیەک بەرانبەر بە بەندەکانی، و لە نێوان دروستکراوەکانیش زوڵمی حەرامکردووە بۆ ئەوەی کەس زوڵم لە کەسی تر نەکا.

وە بوونەوەرەکان هەموویان گومڕان لە ڕێگای هەق جگە لەوانە نەبێت کە خوای گەورە هیدایەتی داون بە هیدایەتی خۆی، و ئەوەی داوا لە خودا بکات ئەوا خوای گەورە هیدایەتی دەدات و سەرکەوتووی دەکات، و دروستکراوەکان هەژارن و پێویستیان بە خوای گەورەیە، و ئەوەی داوای لە خودا بکات ئەوا خوای گەورە پێداویستییەکانی بۆ جێبەجێ دەکات.

بەندەکان شەو و ڕۆژ تاوان دەکەن و خوای گەورە دایان دەپۆشێت و لێیان خۆش دەبێت ئەگەر بەندەکان داوای لێخۆشبوون بکەن لە خوای گەورە، ئەوان هەرگیز ناتوانن سوود و زیان بگەیەنن بە خوای گەورە هەرچەندێکیش هەوڵ بدەن بە قسە و کرداریان، و ئەگەر هەموو بەندەکان لەسەر دڵی یەک کەسی تەقوادار بن یان لەسەر دڵی یەک کەسی تاوانکەر بن ئەوا تەقواکەیان هیچ شتێک لە موڵکی خوای گەورە زیاد ناکات و تاوانکردنیان هیچ شتێک لە موڵکی خوای گەورە کەم ناکاتەوە، چونکە ئەوان بەندەن و هەژارن و پێویستیان بە خوای گەورە لە هەموو حاڵ و کات و شوێنێکدا.

وە ئەگەر هەموو بەندەکان لە یەک شوێن بن داوا لە خوای گەورە بکەن ئەوا خودا هەر یەکێکیان چی بوێت پێی دەبەخشێت و ئەمیش هیچ شتێک لە موڵکی خوای گەورە کەم ناکات، چونکە خەزێنەکانی خودا بەردەوام پڕن و ئەگەر بەردەوام ببەخشێت بە شەو و ڕۆژ تەنانەت شتێکی بچووکیشیان لێ کەم نابێتەوە.

خوای گەورە هەموو کردەوەکانی بەندەکانی تۆمار دەکات ئەوەی بۆ ئەوانە و ئەوەیشی لەسەریانە، پاشان پاداشتیان دەداتەوە لە ڕۆژی قیامەت بۆیە ئەوەی پاداشتی کردەوە چاکەکانی بینی ئەوا با سوپاسی خوای گەورە بکات چونکە سەرکەوتووی کرد بۆ ئەنجامدانی پەرستنەکان، و ئەوەیشی جگە لە ئەوەی بینی (سزای بینی) ئەوا با تەنها لۆمەی نەفسی خراپەکاری خۆی بکات کە بەرەو تاوان بردی.

## فەرموودەی نۆیەم:

خوای گەورە چاکەکان و خراپەکانی نووسی، پاشان ڕوونی کردەوە

عن عبد الله بن عباس رضي الله عنهما عن رسول الله (ﷺ) فيما يرويه عن ربه -تبارك و تعالى- قال: «إن الله كَتَبَ الحسناتِ والسيئاتِ ثم بَيَّنَ ذلك، فمَن هَمَّ بحسنةٍ فَلم يعمَلها كَتبها الله عنده حسنةً كاملةً، وان هَمَّ بها فعمِلها كتبها اللهُ عندَه عشرَ حسناتٍ إلى سَبعِمائةِ ضِعْفٍ إلى أضعافٍ كثيرةٍ، وان هَمَّ بسيئةٍ فلم يعملها كتبها الله عنده حسنة كاملة، وان هَمَّ بها فعمِلها كتبها اللهُ سيئةً واحدةً».[1]

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە پەروەردگارییەوە دەیگێڕێتەوە کە پەروەردگار دەفەرموویت: (خوای گەورە چاکەکان و خراپەکانی نووسی پاشان ڕوونی کردەوە، ئەوەی مەبەستی ئەوە بوو چاکەیەک ئەنجام بدات بەڵام ئەنجامی نەدا؛ ئەوا خوای گەورە یەک چاکەی تەواوی بۆ دەنووسێت، و ئەوەی مەبەستی بوو چاکەکە ئەنجام بدات و ئەنجامی دا؛ ئەوا خوای گەورە دە چاکەی بۆ دەنووسێت هەتا حەوت سەد چاکە هەتا چەند جارێک زۆرتر، و ئەگەر کەسێک مەبەستی ئەنجامدانی خراپەیەک بوو بەڵام ئەنجامی نەدا؛ ئەوا خوای گەورە چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسێت، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەنجامدانی خراپەیەک بوو و ئەنجامی دا؛ ئەوا خوای گەورە تەنها یەک خراپەی بۆ دەنووسێت).

[1] [متفق عليه]

## شیکردنەوە:

ئەم فەرموودە مەزنە باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک سوور و پێداگر بێت لەسەر ئەنجامدانی چاکە ئەوا چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت ئەگەر ئەنجامیشی نەدات، بەڵام کە ئەنجامی دا ئەوا دەبێتە دە ئەوەندە (دە جار) بۆ چەند جارێکی زیاتریش، وە ئەوەی مەبەستی ئەنجامدانی خراپەیەک بێت ئەوا ئەگەر ئەنجامی نەدات لە بەر خوای گەورە ئەوا چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت وە ئەگەر ئەنجامی دا ئەوا تەنها یەک خراپەی بۆ دەنووسرێت، وە ئەوەی مەبەستی ئەنجامدانی خراپەیەک بێت و وازی لێبهێنێت ئەوا هیچی بۆ نانووسرێت.

ئەمانە هەمووی بەڵگەن لە سەر فراوانی ڕەحم و بەزەیی خوای گەورە بەرانبەر بە بەندەکانی کە ئەم فەزڵە مەزنانە و خێرە زۆرانەی پێیان بەخشیووە، و ئەوەی تیابچێت بە هۆی شوێنکەوتنی هەوا و ئارەزووی نەفسی خۆیەتی، چونکە کەسێک پاش ئەم هەموو بەخشندەیی و چاکەکارییەی خوای گەورە لە گەڵ ئەوەشدا خراپەی زۆرتر بێت لە چاکە ئەوا شایەنی تیاچوونە چونکە کەسێکە زیادەڕەوی و ئیسرافی زۆری کردووە لە تاوان.

## فەرمووودەی دەيەم:

خوای گەورە واز دێنێت و بەرییە لەو كردەوەیەی كە كەسێک كراوە بە هاوبەشی

عن أبي هريرة رضي الله عنه مرفوعا: "قال تعالى: «أنا أغنى الشركاء عن الشرك؛ من عمل عملا أشرك معي فيه غيري تركتُه و شِرْكَه».[1]

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: خوای گەورە و بەرز دەفەرمووێت: (لە هەموو هاوبەش و شەریكەكان، من لە هەموویان بە تواناترم كە دەستهەڵگرم لەو هاوبەش و شەریک بوونە، ئەگەر هەر كەسێک كردەوەیەک ئەنجام بدات و كەسێک بكاتە هاوبەش و شەریكی من ئەوا من واز لەو كەسە و كردەوەكەی دێنم بە هۆی ئەو هاوبەشدانانەوە كە بۆ من بڕیاری داوە).

## شیكردنەوە:

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووودەیەک دەگێڕێتەوە لە پەروەردگاری بەرز و شكۆدارەوە كە خوای گەورە واز دێنێت و بەریئە لەو كردەوەیە كە كەسێک كراوە بە هاوبەشی ئەو تیایدا بەهۆی ڕیا یان شتێكی ترەوە، چونكە خوای پاک و پیرۆز هیچ كردەوەیەک قبوڵ ناكات جگە لەو كردەوانە نەبێت كە بە دڵسۆزی و ئیخلاصییەوە بۆ ئەو ئەنجامدراوە.

[1] [رواه مسلم]

## فەرموودەی یازدەم:

## سەرەنجامی ئەوکەسەی شەریک و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدات

عن أنس بن مالك رضي الله عنه مرفوعاً: «إنَّ اللّهَ يقول لأهونِ أهلِ النارِ عذابًا: ل وانَّ لك ما في الأرضِ من شيءٍ كنتَ تفتدِي به؟ قال: نعم، قال: فقد سألتُك ما ه واهونُ مِن هذا وانت في صُلْبِ آدمَ، أنْ لا تُشْرِكْ بي، فأبيتَ إلَّا الشِّركَ».[١]

له ئەنەسی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: (خوای گەورە بەو کەسە دەفەرمووێت کە سووکترین سزای هەیە لە دۆزەخدا: «ئەگەر هەموو شتێکی سەر زەوی موڵکی تۆ بوایە، ئایا دەتبەخشی تەنها بۆ ئەوەی خۆت ڕزگار بکەیت؟» دەڵێت: بەڵێ. پەروەردگار دەفەرمووێت: «داوای شتێکم لێکردیت لەمە کەمتر کاتێک لە بڕبڕەی پشتی ئادەم بوویت: (هاوبەش و شەریک بۆ من بڕیار نەدەیت، بەڵام تۆ پێداگیر بوویت لەسەر شیرک و هاوبەش بڕیاردان)).

### شیکردنەوە:

خوای گەورە بەو کەسەی کە سوکترین و کەمترین سزا دەدرێت لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرمووێت: ئەگەر هەموو زەوی موڵکی تۆ بوایە، ئایا دەتبەخشی بۆ ئەوەی خۆت ڕزگار بکەیت لەم سزایە؟ دەڵێت: بەڵێ. پەروەردگار دەفەرمووێت: داوای شتێکم لێکردیت لەمە کەمتر کاتێک لە بڕبڕەی پشتی باوکت بوویت، پەیمانم لێت وەرگرت کە

[١] [متفق علیه]

شیرک و هاوبەشم بۆ بڕیار نەدەیت، بەڵام تۆ پەیمانەکەت نەبردە سەر و شیرک و هاوبەشت بۆ من بڕیاردا.

## فەرموودەی دوازدەم:

## سزای ئەوکەسەی خۆی دەکوژێت

